# تەریقەتی خۆر ئاوابوونێك

تەها سلێمان

مەپرسە بۆچی بەبایی باڵی شەپۆلی دەریادا
گەشتوومە ئێرە و
زەنگیانەکانی خۆشنوودیم بۆچی پێش وەخت ناردە حزووری
هەڵمی سەر پەنجەرەی ماڵەکەت
چوون ئەگەر من دێوانەی میلۆدیای هەناسەیەك بم
تەنها ماڵی قەسیدەیەکی نەنوسراو بێ
بۆ _نا_
ببمە سەفیری ڕەوینەوەی تارماییەکانی ترس و
ئەزبەر کردنی دێر بە دێری ئەو قەسیدەیە
مەپرسە بۆچی من تەریقەتی خۆر ئاوابوونێک دەپەرستم
هاتنی لە هاتنی باران و
بۆنی هەناسەی لە بۆنی بەیبوون و
ڕەنگی لە ڕەنگی پایزو
تامی لە تامی شەرابی هەنارو
چوون هێمنی گەڵای بەردەم بای شەماڵ
هێمن هێمن
بوونم دادە پۆشێ
دەپەرستم
لە چاوی خۆرئاوابوونێکدا
دایکم دیت نوێژی بۆ پاڕانەوەکانم دەکرد و
نووشتەی بۆ سەلامەتی سەفەرێک دەکرد
کەمن دەمێک بوو ئالودەی ببووم
ئەوی چاوی چەپی ڕۆحم دیت
تاریکستانی لەت دەکرد و
بەناو بێشەلانی چاوەڕوانیدا

لە سۆراغی هاتنێك

کەتەنها بۆنی خۆی لێدەهات دەگەڕا

دار مێوێك بە باوشێ هێشووی ترێوە

فەرمووی چێبوونی ماڵێکی پڕ لە زەنگیانەی

ڕەنگاو ڕەنگی لێکردم

من ئێستا تەریقەتی خۆر ئاوابوونێك دەپەرستم

تەنها لە هاتنی ئەو دەچێ

بیرم دێ

ئێوارەیەك بوونم شکا و

لە شکانی بوونمدا دیوانێك کۆی کردمەوە

ئەوسا هەناسەم پێی ووتم

هێشتا تەریقەتێك ماوە بۆ پەرستن و

قەسیدەیەك ماوە بۆ خوێندنەوە

ئێوارەیەك پێی ووتم:

تەماشا دنیا _با_ دەیبا و

بوونێك تۆ دەکاتە بەشێك لە خۆی

ئاخر ئەی هێمن تر لە دەریا و

عاقڵ تر لە یەکتر ناسینەکانی سەرەتا

تۆ قەت بۆنی مێخەکی گیرفانی سووخمەی

قەیرە کچێکت دیوە

پڕ نەبێ لەهەناسەی خنکاو

یان

تۆ قەت تاسەی حەزی ژنێکت دیوە

تژی نەبێ لە پاڕانەوەی سەرمەدی

وای چەن بێزارم لە ئاشووبی ووتنەکانی بەردەم عەشق و

چەن حەز دەکەم ببمە گەرێدەیەکی بێئاگا

لە تەق و تۆقی شەڕە دۆڕاوەکانی دنیا

تەنها خۆشەویستی تۆ نەبێ

ئیتر ئێواران جگە لەتەریقەتی خۆر ئاوابوون

هیچی تر ناکەمە قیبلەی پەرستن و

بوونم لە کێلانی میلۆدیای گۆرانیەکانی تۆدا

لە نوێ چێ دەکەمەوە

ئەمێستا گۆرانیەک پڕ بە خۆی دەمچڕێ و

ژنێک ماچم دەکا

ئەمێستا سرووتێک لە خۆیم هەڵدەژەنێ و

ژنێک تەنیایم ڕاو دەنێ

ئەمێستا تەریقەتی ڕێگای ماڵی دڵی عەشقی ئەو دەپەرستم و

بە باقەیەک گووڵە قەیفە و

قەسیدەیەک کە تەنیا خۆی لێدەبارێ

دەچمە حزووری و

پێی دەڵێم:

ئێوارەت باش

تەریقەتی مناڵبوونەوەی من

ئێوارەت باش

ئەی ئەو ژنەی منت

لە لەلێوار پیر بوونی عەشقەوە

بۆ ڕەنگ نامەی دەفتەرەکانی جوانپەرستی گواستەوە

ئێوارەت باش

ڕووخسەت بفەرموو

بتکەم بە قیبلە و

بۆ ئەبەد نوێژی پڕ لەسرووتی نەوتراوت بۆبکەم

ئێوارە باش

کەی ئێوارەیەک بەبێدەنگی دێیتەوەو

قەسیدەی ماچم بۆ دەنوسیتەوە

سەرتای مانگی 2006/12